## مێژووی ئەدەبی کوردی مامۆستا عەلائەددین سەجادی




سەجادی، علاءالدین؛ مێژووی ئەدەبی کوردی- مێژوو، ئەدەب، زانیاری"، ناشر: نووسەر، بەغدا ١٩٥٢، ٦٣٢ لاپەڕە، کوردی.

کتێبی بەنرخی مێژووی ئەدەبی کوردی نووسینی مامۆستای نەمر عەلائەددینی سەجادی وەک یەکەمین هەنگاوی جیددی لە پێناو نووسینی مێژووی ئەدەبی گەلەکەمان ناسیاوی هەموومانە و پێویست بە ناساندن ناکات. دیارە کاتێ دەڵێم یەکەم هەنگاو، ئەوەشم لەبەر چاوە کە "نامەی ئەنجومەنی ئەدیبان" ی نەمر ئەمین فەیزی بەگ ٣٣ ساڵ پێش کارەکەی سەجادی بڵاو ببووەوە و من لە ئاڵقەیەکی دیکەی ئەم بەشەدا باسی ئەویش دەهێنمە گۆڕێ. [7]

مێژووەکەی سەجادی هەنگاوێکی باش بوو بۆ دابڕان لە کاری تەزکەرە نووسینی کۆن و گەیشتن بە پلەی نوێتری مێژووی ئەدەب نووسین. بەم پێیە، چاوەڕوانیش دەکرێت کە نیشانەی هەردوو، واتە تەزکەرەی کۆن و مێژووی ئەدەبی نوێ بەسەر کارەکەوە بێت. بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کاری سەجادی بنەمایەکی قایم بوو بۆ نووسرانی گەلێک مێژووی دیکەی ئەدەبی کوردی دیکە کە بەشوێن ئەودا هاتن وەک کارەکانی ڕەفیق حیلمی و قەناتی کوردۆ و سدیق بۆرەکەیی کە دواتر بە مێژووە

7. "ئەنجومەنی ئەدیبان" ی ئەمین فەیزی لە ساڵی ١٩٢٠ لە شاری ئەستەمووڵ چاپ کراوە.

بەنرخەکەی مامۆستای نەمر د. مارف خەزنەدار گەیشتە پلەیەکی بەرزتر، ئێستاش کە دوو زنجیرەکتێبی مامۆستا محەممەدعەلی قەرەداغیدا درێژەی هەیە.

مێژووەکە ژیننامە و نموونەی شیعری ٢٤ شاعیری کوردی تێدایە و جیا لەوان لە بەشی "باخچەی شاعیران" یشدا ئاماژە بە ناوی ٢١٢ شاعیری دیکە کراوە بەڵام زۆر بە کورتی، کە هەندێکیان تەنیا ناوە و هەندێکی دیکە دێڕێک و دوانیشیان بۆ نووسراوە.

ئەم وتارانە جێگەی باس و هەڵسەنگاندنی کارەکان نین و تەرخانی بۆکان کراون، هەر بۆیەش ڕاستەوخۆ دەچمە سەر باسی ئەو شاعیرانەی وا لە مێژووی ئەدەبی کوردی عەلائەددینی سەجادیدا هاتوون وپەیوەندێکیان بە بۆکانەوە هەیە:

١. **میسباحوددیوانی ئەدەب:** ئەوەی بۆکان بگرێتەوە لە بەشی سەرەکی کتێبەکەدا تەنیا "میسباحوددیوانی ئەدەب" ە کە لاپەڕە ٤٠٠ تا ٤١٧ ی بۆ تەرخان کراوە و جگە لە ڕێکەوتی لەدایک بوون و مردن ( ١٨٥٩ و ١٩١٢)، ژیننامەیەکیش بۆ شاعیر ڕێک خراوە و چەند نموونە لە شیعرەکانی بڵاو کراونەتەوە. ئەو زانیارییە وردانەی وا سەجادی سەبارەت بە ژیانی شەخسی و بنەماڵەیی میسباح دەیدات ئێستاش هەر تازەن و بۆ خوێندنەوە دەبن وەک ئەویندارییەتی، نەخۆشی، سەفەری مۆسکۆ و وەرشەو و تاران و تەورێز و زۆر شتی دیکە.

بەڵام بەشی "باخچەی شاعیران" ی کتێبەکە ناوی زۆر شاعیری ناوچەی بۆکانی تێدایە و من لە خوارەوە هەموو ئەو زانیارییانە دەنووسم کە سەجادی سەبارەت بەوانی ڕایگەیاندوون، ئاماژە بەو ژمارانەش دەکەم کە ئەو بە تەرتیب ڕایگەیاندوون. سەجادی هەندێک لەو شاعیرانەی بە خەڵکی موکریان ناوبردوون یان گوتوویەتی خەڵکی دەوروبەری سەقز بوون. من بۆ ئیحتیات هەر لێرەدا هێناومن:

٢. **ئەحمەدی کوێری موکریانی**، لە سەدەی هەژدەهەمی میلادیدا ژیاوە (٧٨)؛

٣. **عەلی عاشق**، شاعیرێکی کۆنی موکریان بووە، هێشتا بۆم ساغ نەبۆتەوە لە چ وەختێکا ژیاوە (٨١)؛

٤. **حاجی مەلا ئەحمەدی کوڕی مەلا سەعیدی تیکانتەپەی موکری**، هاودەورەی شێخ ڕەزا [تاڵەبانی] بووە (١١٦)؛

٥. **مەلا مەحموودی باکی**، لە دەوروبەری سەقز بووە: ١٨٣٥ ــ ١٨٩٩ (١٦٠)؛

٦. **شێخ بابای غەوسابادی**، ڕەئیسی تەریقەی قادری، لە ١٩١٦ تورکەکان خنکاندیان (١٨٦)؛

٧. **مەلا مارفی کۆکی**، ١٨٧٣ ــ ١٩٤٦ (١٩٦)؛

٨. **سەید حسین حوزنی موکریانی**، [مامۆستا هەژار دەڵێ بە ئەسڵ خەڵکی گوندی ئینچکەی نێوان بۆکان و سەقز بووە. ئەنوەر]؛ ١٨٨٦ ــ ١٩٤٧ (٢٠١).